٤. داواكاری ناونیشان گۆڕین لەفەرمانگەكانیانەوە، دوای پەسەند كردن و پێشنیاركردنیان ، بۆ وەزارەت بەرزدەكرێتەوە، وەزارەتیش كەبینی مەرجەكانی ناونیشان گۆڕینی لێبەدی دەكرێت ،روانەی لیژنەی ناونیشان گۆڕینی لە وەزارەت دەكات و، ئەویش دوای هەڵسەنگاندن ولێتۆژینەوە لە مەرجەكانی پێویست دەیگێڕێتەوە دیوانی وەزارەت و راسپاردەی خۆی هاوپێچ دەكات .
٥. دوای رەچاوكردنی خاڵەكانی سەرەوە،وەزارەت بۆی هەیە ، ئەگەر بینی پێچەوانەی یاساو رێنماییەكان نیە، بڕیاری ناونیشان گۆڕینی بۆ دەربكات،ئەگەرنا،رەتی دەكاتەوە.

ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە / /٢٠٠١ كاری پێدەكرێت .

**هادی علی**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**
**فەرمانگەی یاسا**
**ژمارە : ٢٢٦٩**
**رۆژ : ٢٠٠١/٥/٢٠**

**" بەیان "**

به پێی ئەو دەسەلاتەی كە پێمان دراوە بە گوێرەی ماددە (١١) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەكان ژمارە / ٦ ساڵی ١٩٩٣ی هەمواركراو و ، بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی دیانا ژمارە (٥) لە ٢٠٠١/٣/٢٥ وە بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی سۆران ژمارە (٢) لە ٢٠٠١/٢/١٩ وە لەبەر فراوان بوونی سنووری شارەوانی سۆران و زیادبوونی دانیشتوانی وای لێهاتووە شارۆچكەی دیانا وەك گەڕەكێك لە ناوەندی شاری سۆران بێت و بكەوێتە ناو نەخشەی بنەڕەتی شاری سۆران . بڕیارماندا بە :

١. یەك بوونی شارەوانی دیانا و سۆران .
٢. ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكرێت لە رۆژی بلاْوبوونەوەی لە رۆژنامەی ڕەسمی .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایع
www.mojkurdistan.com

**مەئمون نور محمد بریفكانی**
**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**